# دەوڵەتی کوردی یان دەوڵەتی غەیرە کوردی؟

**شەماڵ علی**

07/03/03

shemalali@yahoo.com

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵێکی تورکی ڕایگەیاند کە کورد مافی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە. ئەو بۆ سەلماندنی ئەو مافە بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە کورد نزیکەی 40 ملیۆنەو بەم جۆرەش تەواوی ئەو کوردزمانانەی کە ئێستا بە هاوڵاتی تورکیا دادەنرێن زمنیەنو بێ حیسابو کیتاب بە هاوڵاتی ئەو دەوڵەتە دانا کە کورد مافی دروست کردنی هەیە. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە هەر لەم لێدوانە باس لە گفتوگۆو لێگەیشتن دەکریتو گوایە سەرکردایەتی کورد ئامادەی گفتوگۆ کردنو چارەسەر کردنی کێشەکانە.

ئەم لێدوانەی مەسعود بارزانی ئەگەر لە چوارچیوەی عورفی دیبلۆماسی لێکبدرێتەوە زۆر نامەربوتو نامەنتیقی دێتە بەرچاو، ناکرێت لێگەیشتنو ئاسایی کردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان مەبەستت بێتو بەڵام بە ئاڵای پچڕینی بەشو پارچە لە سەرزەمینی ئەو وولاتانە بچیتە پێشەوە. ڕاگەیاندنی ئەوەی کە من مافم هەیە دەوڵەتم هەبێت ئەمە دەوڵەتی کوردیەو بەشێک لە کورد لە وولاتەکەی تۆنو بەم مانایەش بەشێک لە هاولاتیانی ئەم دەوڵەتەم ئێستا هاوڵاتی تۆنو بەشێک لە تیراتۆری ئەو دەوڵەتەی دەمەوێت پێکی بهێنم ئێستا لە بن دەستی تۆیەو لە داهاتوودا دەبێ لە بن دەستی من بێت... پەیامی ئاشتی نییە، کردنەوەی دەرگای لێکتێگەیشتنو دیبلۆماسیەت نییە. بەڵکو ئیعلانی شەڕە.

دیارە تورکیاو هەر هێزێکی تر کە ڕووبەڕووی خواستی سەربەخۆیی کوردستانی ئێستا لکینراو بە عیراقەوە ڕادەوەستن بە پێی هیچ پیوانەیەک هیچ چەشنە ڕەواییەکی ئەخلاقیان بۆ دوژمنایەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نییە. بەڵام لێرەدا من دەمەوێت لە ڕوانگەی ڕیال پۆلیتیکەوە باسی ئەوە بکەم کە دەوڵەتی قەومی کوردی چ پارادۆکسێکەو چۆن لە ڕاستیدا دەوڵەتیکی لەم چەشنە زۆرتر لەوەی کێشە چارەسەر بکات دروستی دەکات. قسەکانی مەسعود بارزانیو پەیامێکی موتەناقیزو ئاڵۆز کە دەینێرێت لە بێ لیاقەتی ئەم کەسایەتیەوە نەهاتووە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی تەناقوزێکە کە خودی دۆکترینی دەوڵەتی کوردی لەگەڵی بەرەوڕووە.

لە سەروبەندی پێکهاتنی کۆنگرەی ئازادی عیراقداو بە مەبەستی ناساندنی ئەم پرۆژەیە لە نێو هێزە چەپەکانی ئەورووپادا چاوم کەوت بە کادرێکی حزبی چەپی سوید. بۆم جێگای سەر سوڕمان بوو کە یەکەمین پرسیاری سەبارەت بە بەیانی کۆنگرەی ئازادی عیراق لەسەر خواستی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان بوو. لە درێژەی پرسیارەکەی کە نیگەرانیەکی لە پشتەوە بوو، هاتە سەر گێڕانەوەی قسەو باسی یەکێک لە کارناسە چەپڕەوەکانی دۆستی حیزبەکەی خۆیان سەبارەت بە "کێشەی کورد". کورتەی ئەو باسەی ئەوە بوو کە کەسی ناوبراو ئاماژەی بە نەخشەیەکی کوردستان کردووەو وتوویەتی ئەم دەمانچەیە من دەترسێنێت.

نەخشەی "کوردستانی گەورە" لە دەمانچەش نەچووایە بۆ چاودێرێکی دەرەکی هەر ترسناک دەبوو. مەسەلە واوەتر لە خودی نەخشەکەش بیرۆکەو ئایدۆلۆژیایەکە کە لە پشتی ئەو نەخشە سازیەوە ئامادەیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە پەتایەکی خەتەرناکی ناسیۆنالیزمو کینەو کێشەو جەنگی بەرهەمهاتوو لەم پەتایەوە سەرتاپای داگرتووە. دەوڵەتی کوردی لە ڕوانگەی چاودێرێکی دەرەوە تەنها بەنزینیکی ترەو بە ئاگری هەڵگیرساوی ئەم ناوچەیەدا دەکرێت. چارەسەر کردنی کێشەی خەڵکی کوردستانی لکێنراو بە عیراقەوە بە پێکهێنانی دەوڵەتیکی کوردی بمانەوێت یان نەمانەوێت بە مانای خولقانی کوانوویەکی تری کێشمەکێش و ململانێی قەومیە.

دەوڵەتی کوردی وەک دەوڵەتیکی قەومی هەویەتێک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە هەمان هەویەتی ئەتنیکی بەگریمانگیراوی هەموو کوردزمانانی ناوچەکەیە. چەندە بێ ئەرزش بۆ سنووری ئەو دەوڵەتانە کە بە ئاگرو ئاسن

کێشراوە بڕوانین، هیچ لەم واقعیەتە ناگۆڕێت کە دەوڵەتی کوردی جەدەل لەسەر ئەم سنوورانە دەخوڵقێنێتو ئەم جەدەلە بە ئاراستەی قووڵکردنەوەی کێشەو ململانێی قەومیدا پاڵ پێوە دەنێت. بەم جۆرەش کوردستانێکی قەومی زۆر سەختە بتوانێت پەیوەندیەکی ئاشتیانەی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا هەبێت. هەوڵەکانی مەسعود بارزانیو هەر بەرپرسێکی تری کوردستان ڕووبەڕووی ئەم واقیعە تاڵە دەبێتەوە، کە چەندە وادەو بەڵێنیان بۆ پاراستنی سنووری ئەم دەوڵەتانە دڵسۆزانە بێت، سەرەنجام تورکیا یان هەر دەوڵەتیکی تر، مشتووی ناو هەمانەکە کوشتویەتی، مشتووش خودی هەویەتی دەوڵەتی کوردییە.

لە ڕاستیدا دۆکترینی دەوڵەتی کوردی لە پاڵ فاکتەری تردا یەکیک لە سەرەکیترین ڕیگریەکانی بەردەم پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. دەوڵەتی غەیرە قەومی، دەوڵەتی هەموو دانیشتوانی کوردستان، کە ئەو مۆرکە ئیتنیکیەی لە خۆی لادەباتو لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوونی یەکسان مامەڵەی هەمووان دەکات، ئەلتەرناتیڤێکی ترە کە ئەم کۆسپە وەلا دەنێت. جووڵانەوەیەک کە بەم ئامانجەوە بێتە مەیدان دەتوانێت یەکەمین هەنگاوەکان لەسەر ڕێگای لەبەین بردنی زەمینەی تەبلیغاتی ناسیۆنالیستانەو دژی کوردستانی دەوڵەتو هێزە شۆڤێنیستەکانی ناوچەکە هەڵبێنێتەوە. دەتوانێت ئەگەری ئەوەی کە دەوڵەتی کوردستان لەم جوغرافیا سەختەداو لە نێوان ئەم چەند دەوڵەتە بە ئاشتی بژی گەورەترو عەمەلی تر بکات.

ئەگەر دەوڵەت لە کوردستان بە هەمان ئەندازە کە هی کوردزمانەکانە بەو ئەندازەیەش هی هەموو تورکزمانو عەرەبزمانەکانی کوردستان بێت، فرسەت لەبەردەم بەرپەرچدانەوەی تەبلیغاتی ناسیۆنالیستی پان–تورکیستەکانو پان–عەرەبیستەکان زیاترو ڕاکێشانی پشتیوانی هەموو ئازادیخوازان لە تورکیاو سوریاو ئێرانیش بۆ پشتیوانی لەم دەوڵەتەو لە جووڵانەوەیەک کە دەیەوێت دایبمەزرێنێت ئاسانتر دەبێت. دەوڵەتی غەیرە قەومیو بەم مانایەش غەیرە کوردی فرسەت دەدات کە شۆڤێنیزمی دەم داپچڕیوی تورکیو عەرەبی لە بەسیجی ڕای گشتی وڵاتی خۆیان توشی کێشە ببنو نەتوانن لە هیچ ڕوانگەیەکەوە ڕەوایی بە دوژمنکاریان دەرهەق بە کوردستانی سەربەخۆ بدەن. جووڵانەوەیەک کە ڕوو بە هەموو دنیا پەیامی پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومیو سکولارو بەم مانایەش دیموکراتیکو ئازاد ڕادەگەیەنێت لە پشتیوانی هەموو هێزە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکانی جیهان بەهرەمەند دەبێت. پێکهێنانی دەوڵەتێکی وا دەبێتە سەرەتایەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەی خەڵکی کوردزمانی وڵاتەکانی دەوروبەر لەسەر بنەمایەکی ئینسانیو ئازادیخوازانە.

**خاڵێکی تر ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستان ناسیۆنالیزمێکی وەدەرنەر (ئیکسکلوسیڤە)، غەیرە کورد لە چوارچیوەی ئەم ناسیۆنالیزمەدا جێگای نابێتەوە، دەوڵەتی کوردی کە بەرهەمی ئەم ناسیۆنالیزمەیە (یان گریمان ببێت) دەوڵەتێکە لە سەربنەمای هەڵاواردنو ژێرچەپۆکە کردنی غەیرە کوردەکان دادەمەزرێت. دەوڵەتی لەم چەشنەش لە لایەک لەگەڵ کێشەی ناوخۆو ململانێی قەومی ڕووبەڕووەو لە لایەکی تریش زۆر سەخت دەکرێت دیموکراتیک بێتو مافە سەرەتاییەکانی ئینسان ڕێز لێ بگرێت. دابەشکردنی دانیشتوان بە کوردو غەیرە کوردو ئەوەی دەوڵەت هەویەتی ئیتنیکی بەشیکی دانیشتوان کە کوردن هەڵگرتووە خودی مەفهومی هاوڵاتی بوون هەڵدەوەشێنێتەوە چ جای بگات بە ئازادیو مافی یەکسانیان. تەجروبە نیشانی داوە دەوڵەتی لەم چەشنە مەگەر بە دەگمەن دەنا هەمیشە سەرکوتگەرەو بێمافی هەمەلایەنە بە سەر جەماوەردا دەسەپێنێت.**

**دەوڵەتی غەیرە قەومی دەتوانێت لە هەمان کاتدا دەسەڵاتێکی دیموکراتیک بێت کە زەمینەی گونجاو بۆ گەشەو پەرەگرتنی جووڵانەوەی جەماوەرو بەدیهاتنی خواستە ئابووریو سیاسیەکانیان فەراهەم بکات. هەر بۆیە جووڵانەوەیەک کە بە ئامانجی پێکهینانی دەوڵەتیکی غەیرە قەومیو سکولار لە کوردستان پێ دەنیتە مەیدان، لە توانایدایە هەر ئێستا تێکۆشانی خەڵک بۆ خواستەکانی بە تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە هەڵپێکیتو ووزەو توانای خەباتکارانەیان بهێنیتە مەیدان. ئەم جووڵانەوەیە دەتوانێت بەهێزو کۆمەڵایەتیو هەمەلایەنە بێتو خواستەکانی خۆی بە سەر واقیعی سیاسی ناوچەکەدا فەرز بکات.**

**ئایا ناسیۆنالیزم لە کوردستان دەتوانێت جووڵانەوەیەکی لەم چەشنە ڕابەری بکات؟ وەک لەسەرەوە باسم کرد ناسیۆنالیزم لە کوردستان ناسیۆنالیزمێکی ئەتنیکیو ئیکسکلوسیڤە. ناسیۆنالیزمی کوردەو ئەم ناسنامە ئەتنیکیەی کردۆتە هەوێنی پێکهێنانی نەتەوە، ناسیۆنالیزمی کوردستانیی بوونی نییەو ئاشکرایە کە هەر هەوڵێک بۆ شیفتکردنو گۆڕان بەرەو ناسیۆنالیزمێکی لەم چەشنە لەگەڵ مقاوەمەتێکی گەورە بەرەو ڕوو دەبێت. باسو جەدەل سەبارەت بە گۆڕینی سروودی ئەیڕەقیبو بە ناو "ئاڵای کوردستان" تەنها گۆشەیەکی بچکۆلە لەو مقاوەمەتە نمایش دەکات.**

**پابەند بوونی ناسیۆنالیزم لە کوردستان بەم هەویەتەوە سەرەڕای هۆکاری مێژوییو کۆمەڵایەتی قازانجو بەرژەوەندی چینایەتی لە پشتیەوە وەستاوە. لە ڕاستیدا سەرکوتێک کە دەوڵەتی قەومی پیادەی دەکات، بەرهەمێکی لاوەکیو نەخوازراوی کوردایەتی نییە، بەڵکو پێداویستیەکی پاوانکردنی دەسەڵات لە لایەن بۆرجوازی کوردو زامنکردنی بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیەتی.**

**ئەگەر بڕیاربێت ناسیۆنالیزم لە کوردستان ئەم شیفتە بکات، ئەگەر بڕیاربێت لە زەقکردنەوەی ناسنامەی کوردیو بەکارهێنانی ئەم تەعەسوبە بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی دەست هەڵگرێتو کوردستان وەک نیشتمان بکاتە هەوێنی هەویەتی خەڵکی ئەم ناوچەیەو بە مانایەک مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان بە کردەوە بە دەستەوە بگرێت، ئەمە تەنها لە ئەنجامی گۆڕان لە هاوسەنگیە فیکریو فەرهەنگیو سیاسیەکان لە کوردستاندا بە قازانجی سۆسیالیزمو ئازادیخوازی دێتە دی. لە بەشێکیدا بەرهەمی پاشەکشەی ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت لە بەرامبەر ڕەخنەیەکی قووڵو سەرتاپایی سۆسیالیستی لە خودی ناسیۆنالیزمو بە تایبەت ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی ئەتنیکی واتە کوردایەتی.**

ڕێگایەکی تر بە غەیری ئەوەی کۆمۆنیستەکان خۆیان بۆ بەرزکردنەوەی خواستی پێکهێنانی دەوڵەتیکی غەیرە قەومیو سکولارو ڕابەری کردنی ئەم جووڵانەوەیە بێنە مەیدان بوونی نییە. کۆمۆنیستەکان دەتوانن‌و دەبیت خەباتکاری شێلگیری ئەم مەیدانە بن لەبەر ئەوەی هێنانە سەرکاری دەوڵەتیکی لەم چەشنە گونجاوترین هەلومەرج بۆ خەباتی کۆمۆنیستی چینی کرێکارو گرتنە دەستی دەسەڵاتو دامەزراندنی حکومەتی کارگەری فەراهەم دەکات.

کۆمۆنیستەکانی کوردستان دەبێت سەرکەوتنی خەبات بۆ دەرباز بوون لە دەست هەلوومەرجی ئێستا لە ڕوانگەی ئامانجە دوورماوەکانی چینی کریکارەوە مانا بکەنەوە. دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومیو سکولار مانا کردنەوەی ئەم سەرکەوتنەیە لە ڕوانگەی کارکردن بۆ سۆسیالیزمەوە. پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی ئەگەرچی بە ڕیگایەکی سەختداو بە نرخی ژیرپێنانی ئامانجو خواستو مافەکانی تری جەماوەری خەڵکو درێژبوونەوەی تەمەنی مەینەتەکانی خەڵک تەواو دەبێت، بەڵام لە لێکدانەوەی ئەخیردا ڕێگایەکی تری کۆتایی هاتنی هەلومەرجی ئێستایە. دیارە خەبات بۆ دەوڵەتیکی غەیرە قەومیو سکولار لە سایەی وەدیهاتنی ئەم ئەگەرەش بەردەوام دەبێت. ئەمە دەتوانێت بەشیک لە ستراتیجێکی کۆمۆنیستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو جەنگی قەومی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

---

<u>ئەم ووتارە لە ئۆکتۆبەری ژمارە 153 لە گۆشەی (سەبارەت بە خواستی سەربەخۆیی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە</u>